# کۆڕی بەڕێز/ د.بوخاری عەبدوڵا

# "هۆکارەکانیخەمساردی خەڵکی لە ڕەشنوسی دەستوردا هەنگاوێگ بۆ ئاییندە"

**٢٠٠٥/١٢/١٣**

من پێم وایە هۆی سەرەکی بەشداری نەکردنی خەڵك یان خەمساردی خەڵك بەڵێ هەڵبژاردنی رابردوو بەتایبەتی لەسەردەستوری هەمیشەیی عیراق هۆی ئێجگار زۆرن بەڵام هۆی سەرەکی من پێم وایە دەگەرێتەوە خۆی لەخۆیا ئەگەرێتەوە بۆ خودی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بەبۆچوونی من دەسەلاتی سیاسی کەکۆمەڵێ ئامرازی هەبێ بۆ گەیاندنی بۆ تێگەیاندنی خەڵك لەگرینگی بەشداری کردن لەریفراندۆمی دەسەڵاتی سیاسی کەم تەرخەم بوو خەمساردی کرد. من پێم وایە کوردی دەزگایەی کەلەبەر دەستی وی دابوو داوای دەزگاکانیشی کەلەبەر دەستی وی دابوون داوای دەزگاکانی حزبی ئێجگار زۆرن لەوانە حزبە ماسێلیایا کۆمەڵگای مەدەنیەت دێنن من پێم وایە بەشێوەیەکی رێك و پێك و سیستیماتیك ئەم کێشەی نەوروژاند راستە هەندێك باسی کرد نموویجیەکەی کرد بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئەمجارەیان یان جاری پێشتر خەمساردییەکی ئێجگار زۆری پێوە دیار بوو بۆیە من هۆی سەرەکی ئەگەرێنمەوە بۆ خودی دەسەڵاتی سیاسی واتا ئەم ئامرازانەی کەلەبەر دەستی بوون بەشێوەیەکی پێویست بەگرینگ بەکاری نەهێنا چونکە ئەوە لەهەموو دونیا وەهایە بەتایبەتیش لەکۆمەڵگای ئێمە لەکۆمەڵگایەکە من ناڵێم یەعنی هوشیاری نەتەوەی سیاسی نیە بەڵام کەتەماشای کۆمەڵگای کوردەواری لەوانەیە من ئاماری تەواوم لەبەر دەست نیەمن پێم وایە لەوانەیە نزیکەی لە ٥٠٪ ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەواربێ کەواتە تۆ چۆن ئەم نەخوێندەوارە تێ ئەگەینی بێ دەنگ بدات تەنها ئەوە دەسەڵاتی سیاسی دەکا واتا ئەو ئامرازانەی کەلەبەر دەستی داهات حزب رێکخراوەکانی حزب هەموو حزبەکان مەبەستم هەر تەنها لایەنێك نیە وە هەروەها ئەو رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و رادیۆیانەی بەراستی هیچیان بەکار نەهێنا شێوازی تری ئێجگار زۆرە بەڵام من بۆبۆچوونی من کوا ئەو تەسەورم کرد کەنازانم هۆکارەکەشی چ بوو خەمساردییەك هەبوو لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بەوەی کەجا پێشتر واتە لەهەڵبژاردنی هەر ئەم ساڵ سەرەتای ئەم ساڵ کەکرا تەئەنوقەکی کوردستان بەتایبەتی لەدەرەوە وە هەروەها لێرەش زۆر بەگەرم و گورشی بەدەنگ هەڵبژاردنەکان چوون ئەویش دوو هۆکار هەبوو کە خەڵکەکە چوو.

١- ئەوەی کەباسم کرد فعلەن حزبەکان حزبە کوردستانیەکان بەیەك لیست دابەزین و گرینگی ئەو هەڵبژاردنەشیان بۆ خەڵك روون کردەوە خەڵکەکە هەستی کرد هەستی بەلێپرسراوی کرد ئەبێ بچێ دەنگ بداتن لەبەر ئەوەی گوزارشت لەبەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکاتن.

٢- مەسەلەی ریفراندۆمەکە جا بەراستی خەڵك پێی وابوو کە ئەچێ زۆر بەحەماسەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگ دان چوو بەحەماس ترەوە چوو دەنگی ئەدا کەدەیەوێت چارەی خۆنووسینی خۆی بۆ خۆی نیە پێی وابوو حەقیقیە ئەمرۆسندوقی کە ریفراندۆم دای نابوو ئەوەیە کەزانیم ئەوانەی کە دەنگیان دا لە ٩٨٪ کەدەنگیان دابوو بەسەربەخۆی جیابوونەوە لەم کۆلیستە من پێم وایە لەوێندەر حەرەکەکی ریفراندۆم وەك بەشێکی لێهاتووە لەرزگاری خوازی کوردستان ئەو کاتی زۆر چالاکانە بەشداری کرد بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لەدەرەوە هەر لەو روانگەوە تەماشای بزوتنەوەی ریفراندۆمی دەکرد کە ئەمیش بزوتنەوەیە کە دەیەوێ کوردستان سەربەخۆ بێ دەبێ کوردستان زیاد بێنێتەوە خەڵکی کوردستان بۆ خۆی چارەنووسی خۆی دیار بکاتن خەڵك لەو روانگەوە خەڵکی گشتی بەگشتی وای تەماشا کرد ئەگەر چی ئامانجی سەرەکی بزوتنەوەکە ئەوە نەبوو ئامانجی سەرەکی بزوتنەوەی ریفراندۆم تەنها ئەوە بوو کە پرسی بەخەڵك بکرێ پرس بکرێ دوا رۆژی خۆی دیاری بکات تەنها ئەوە بوو زیاتر ئەوە نەبوو بڵێی پرسیارێکی ئەو تۆبێ ئاوا دەکرێ لەگەڵ عیراق بمێنیەوە یان سەربەخۆبی پرست پێ بکرێ. تۆ بۆ چارەی خۆ نووسی خۆت پرست پێ بکرێ دواتر خەمساردیەکان گوتمان یەکەمین شت هۆکارەکان ناوخۆییە ئەویش گوتمان دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتەوە بەڵام مەعنای وەنیە هۆکاری مەوزوعیش کەباسمان کردن وە پێك هاتوو لەئەوەی کەکۆمەڵگای کوردەواری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی هێشتا لەئاستێکی بەرز دانیە وە بۆ چوونی نیە هێشتا لەو ئاستەدا نیە کە بۆخۆی بەبێ ئەوەی حزب بی جولێنێ

بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی بی جوڵێنێ بۆ خۆی هەست پێ بکاو هۆشیاری هەبێت. چەند گرینگە من بچم دەنگ بدەم یا تەنانەت ئەو مافەی کە هەیەتی ئەو بەماف بزانێ یەعنی دەنگ دان خۆی مافە زۆر کەس ئەو مافە گرینگی ئەو مافە نازانێ ئەوەش لە ئەنجامی ئاستی هۆشیاری ئەو مرۆگەدا هەیە مەسەلەن سیاسی بێ یاسایی بێ یان نەتەوەیی بێ.لەپاڵ ئەوەش گوتمان هەندێك فاكتەر هەن فاكتەرەكان لەوانەیە وتمان بۆ راپرسیەكە واهاتە بەرچاو زۆر لەگەنجان بەتایبەتی ئەوانەی وا گۆش كرابوون كەگوایە دەستور مافە بنەرەتیەكانی خەڵكی كوردستانی زامن نەكردیە لەبیرنەكردووە بەتایبەتی خاڵی سەرەكی كە ئەویش ئەوەیە كورد مافی ئەوەی هەیە جیابێتەوە لەهەر كاتێكا زۆر خەڵك باشكرا دەیگوت من لەبەر ئەم خاڵە ناچم. بەڵام ئەمانە زۆر كەم بوون ئەمانە لەوئاستە زۆرە دانەبوون بەڵام هەبوو لەناو بزوتنەوەی ریفراندۆم هەبوو لەدەرەوە زۆر لەنووسەران زۆر لەرۆشنبیران بانگێشەی ئەوەیان دەكرد كە ئەم دەستورە كەئەوان دەستورێكە كوردستان جارێكی تر دەلكێنێتەوە بەعیراق، تەبعەن بەلگەشیان ئەمن ناڵێم بەلگەی بەهێزیان هەبوو بەقووەتیان هەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە  لەوانەیە زۆر لەڕووانگەیەكی عاتفیەوە تەماشای مەسەلەكەیان كردبێ لەروانگەیەكی دڵسۆزیشەوە حەتمەن بەڵام مەعنای من بواری نیە لەروانگەیەكی واقیعیانەوە تەماشای مەسەلەكەیان كردبێ ئێمە دەزانین بەتایبەتی ئێمەش بەراستی زیاتر حەز لە دروشمی رەنگاو رەنگ دەكات حەز لە دروشمی شۆرشگێرانە زیاتر دەكات لەوەی لەدروشمی واقیع بینانا ئەوە هۆكارێكی تر بوو هۆكاری سێیەم لەوانەیە ئەم هۆكارە زۆر بەئاشكرا دیار نەبێ. زۆر بەروونی دیار نەبێ ئەویش هۆكاری دەرەكیە من پێم وایە ئێستا لەكوردستان زۆر لەرێكخراوەو زۆر لەخەڵكانێك هەن بابڵێین بەشیچوەیەكی سیستەماتیك بەشێوەیەكی منەزەم رێك و پێك خەبات دەكاتن بۆ ساردكردنەوەی خەڵكی كوردستان و بەشداری كردن لەپرۆسەی چاك بەجۆرەها پروپاگەندە دەكاتن زۆر بە نەهێنی زۆر رێك و پێك بەشێوەیەكی سیستەماتیك خەبات دەكەن را دەكاتن بەهەموو شێوەیەك خەڵك لە پرۆسەی سیاسی دوور كەوێتەوە تەبعەن ئەوە ئاشكرا نیە ئەو لایەنە هیچ گومانی تێدا نیە بەڵام ئامانجەكانیان قسە كردنەكانیان زۆر جار رەنگ دانەوەو رەفتاری گەنجانی ئێمە یا خەڵكانی ئێمە زۆر جار ئەو ستەت بۆ روون دەبێتەوە خوا نەخواستەمن بەو مانایەی نیە دەڵێم كە ئەوەی كە نەچوون فعلەن دەستی لەگەڵ هێزێكی دەرەكی دایە یا خائینە یا نازانم چیە ئەو بێ ئاگایانە ئەكەوێتە ژێر ركێفی ئەو جۆرە پروپاگەندانە كە بۆ ئەوەی كورد فعلەن خەڵكی كورد بەتایبەتی گەنجان روو لە پرۆسەی سیاسی بەتایبەتی هەڵبژاردن دەكا چونكی دەستور ئەو دەستورەی كە بەرهەم هاتبوو تەبعەن زۆر جار وا گوتراوە كە هەموو مافەكانی كوردی تیا مەیسەر نەبووە بەڵام زۆریشە بۆ كۆماری وولاتی ئێمە ئێمە پێمان وایە بۆ قۆناغی ئێوە تا رادەیەكی زۆر داكشا ئێمە قبووڵمانە تەبعەن دووژمنانیش ئەوە باش دەزانن دوژمنانیش ئەو مەسەلە باش ئەزانن دەزانن كورد وەهەروەها بەپەسەندكردنی دەستور كورد پێ دەنێتە قۆناغێكی نوێوە قۆناغێكی بەرزترەوە قۆناغێكی زیاتر كە كێشەی كورد زیاتر بە یاسایی دەكرێت بەنێو دەوڵەتی دەكرێت ئەوا تەبعەن لەو كارەدانیم بۆ ئەوەی خەڵكی بەشداری ئەو راپرسە نەكات بەڵكو بەو هیوایەی كە ئەم دەستورە قەبووڵ نەكرێ یان ئامانجەكانیان دیار دەكا. لەكۆمەڵگای ئێمە ئەوان بەهەموو شێوازیچكەوە ئەو خەیاتە دەكەن كە خەڵكی كوردستان زیاتر كەمتر بەشداری پرۆسەی سیاسی بكاتن من پێم وایە یەكێك لە ئەو خاڵانەی كە بەو ئاخیرەش هاتۆتە كایەوە مەسەلەی گەندەڵی لە كوردستان فعلەن گەندەڵی هەیە هیچ گەمانی تێدا نیە ئێمە كۆمەڵگایەكین كۆمەڵگای بابڵێین گواستنەوەی خێرایە حەقیقەت كەوایە تەماشاكە یەعنی زۆر بەخێر كۆمەڵگای ئێمە لە گۆڕان دایە.ئەو گۆڕانەش بەتایبەتی دوای رووخانی رژێم ئێجگار حێراتر بەرەو پێش دەچێت بەردەوام لەكۆمەڵگای ئینتیقالیە مەسەلەی گەندەڵی سەرهەڵدەدات زیاد دەكات بەڵام كێشەكە لەوەیە خودی سەركردایەتی سیاسی و ئیداری ئێمە ئەوان خۆیان دژی گەندەڵینە خۆیان چەند جارێك دژی گەندەڵی قسە دەكەن. بەڵام دیسان لەزۆر لایەنەوە ئەوە ئیستیغلال دەكرێ بۆ ئەوەی خەڵك دیسان لەو پرۆسەیە یان لەدەوری سەركردایەتی سیاسی لە پرۆگرامە ناوخۆ كە ئەمە دژی ئەو پرۆسێسەن هەم ئەوانەی دەرەوەش هاوكۆكن لەو مەسەلەیە تەبعەن لەكۆمەڵگای ئێمە بەگشتی خەڵكی كوردستان بەگشتی حەز لەعەدالەت دەكەن حەز لەسەروەری یاسا دەكەن حەز

لەیەکسانی دەکەن کۆمەڵگای ئێمەش هەتا کورد ئێستا فعلەن کۆمەڵگایەك بووە نەیتوانیە پێداویستیەکانی تەنانەت پێداویستیە بنەرشەتیەکانی بەتایبەتی گەنجان و خەڵکی کوردستان دابین بکات بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە سیستەمی سیاسی سەرکردایەتی سیاسی هەمووی پێکەوە نەیتوانیوە ئەو پێداویستانە دابین بکا لەبەر ئەوەی ئەو دەرفەتە نەماوە بەشێکی دەگەڕێتەوە فعلەن کە گوتمان گەندەڵی و نەبوونی سەروەری یاسا لە کۆمەڵگادا هەیە کەوا هەیە زۆر زۆر بەڕاشکاوانە دەبینین یاسا پێشێل دەکرێ ئمتیازات بۆ مەجموعە خەڵکێك هەیە ئەمە خەڵك سارد دەکاتن ئەمە وا دەکاتن فعلەن خەڵك لەدەوری سەرکردایەتی کۆنەبێتەوە بترسێت بە گومان یەعنی تەماشاکە فعلەن خەڵکانێك گەنجێك تازە هاتووە با بەسەراحەت باسی کەین باوکی بەرپرسێکی گەورەیە لەحزب یا لەحکومەت تەماشاکە هەموویی ئمتیازاتیان هەیە ئەمە بەراستی نموونەیەکی یەجگار خراپە بۆ کۆمەڵگای ئێمە خەڵکی ئێمە وەك مرۆڤ وەك کوردیشە دژی ئەو ئیمتیازاتانەیە ئەگەر مستەحەق نەبێت. دژی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەیە ئەمە وا لەخەڵك دەکا گومانێك پەیدا بکات بەسستی بەشداری پرۆسە سیاسیەکە بکات بەلام من پێم وایە ئێوەش ئێستا دەیبینن لەو هەڵبژاردنانەی کە ئێستا لەو زووانە کە ئەنجام دەدرێن من پێم وایە سەرکردایەتی ئێمە وەهەروەها رۆشنبیران وەهەروەها ئەکادیمیەکانی کوردستان خەریکە بەرێگای ماسمیلیاکانەوە بەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە خەریکە فعلەن شەفافیەت زیاتر نیشان دەدرێ بەخەڵکی ئێمە بەهۆی زیاتر دەکرێ بەخەڵکی ئێمە رەخنەکانی خەڵکی ئێمە زیاتر قوبووڵ دەکرێ بەڵام دیسان دەگەرێمە سەر ئەو مەسەلەی هۆشیاری نەتەوەیی هۆشیاری سیاسی هێشتا لەئاستێکی نزم دایە بۆ نموونە ئێستا ئێمە دەڵێین ئێمە دەنگ دەدەین بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ نموونە زۆر لەخەڵك دەڵێ من دەنگ نادەم وەك کاردانەوەیەك لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە شتانە کراوە ئەو ئەم مەسەلەیەی لەبیر چووە دەنگ دان لەدەسەڵاتی سیاسی نیە لە کوردستان دەنگ دان بەپارتێکی دیاریکراو نیە دەنگ دانە بەنەتەوەکەت بەنوێنەرانی نەتەوەکەت کە دەچن بەرگری لەتۆ دەکەن لەبەغدا حەقیقەت ئەوان دەستە ڕاستی ئیداری سیاسی بەهیچ شێوەیەك ناکەوێتە بەردەستی ئەوان و بەڕکێفی ئەوان ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەوانەیە بەڵام زیاتر ئەرکی سەرەکی لیستی هاوپەیمانلا کوردستان ئەوەیە کەپشتگیری لەبەرژەوەندی نەتەوەیی دەکات ئەگەر خەڵکی ئەمە تێبگاتن قەت ئەو پاساوە سوك و ساکارانە ناڵێت کارەبا نیە نازانم چ نیە حەقیقەت ئەو کێشە هەیە دیسان کێشەیەکی تریش هەیە بۆ بۆچوونی من ئێمە بەجدی لەسەری رانەوەستاین ئەویش ئەو دژایەتیەی کۆن و نوێیە لە کۆمەڵگای ئێمە تاکو ئێستا جیلی کۆن لەسەر مەسەلەی خەبات و خەباتی چەکداری خەباتی ژێر زەمینی قوربانی دان مەسەلەی سەروەری  نەتەوەیی بەراستی ئەو دروشمە بەرزو پاکانە حەقیقەت پێشمەرگایەتی لەسەر ئەوانە دەژین بەڵام بەبۆچوونی من کاتی ئەوە هاتووە ئەمە وەك سەروەری رابردوو بەجێی دێڵین. لەبەر ئەوەی ئەمرۆ گەنج شتی تری هەیە ئەمرۆ ئەو قۆناغەی ئێمە پێویستی بەشتی تر هەیە چۆن ئێمە خەڵکی خۆمان وا لێ بکەین نیشتمان پەروەربێ دەبێ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کۆببێتەوە بەرنامەی سیاسی سەرکردایەتیەکەی قبوڵ بێ چۆن وای لێ بکەین بێ بەشداری ئەو پرۆسە سیاسیە بکە ئامانجەکانی نەتەوە بکات بەبۆچوونی من ئێمە ئەو خاڵەمان فەرامۆش کردووە زیاتر لەسەر دروشمی نوێ لەسەر ئەمە رابردوو دەژین بەڵام دەبێ ئێستا خۆمان لەجیاد ئەو واقیعە نوێیەی کە فعلەن ئەو ئیفرازاتە نوێیەی کەلە ئەنجامی رووخانی بەعس و بونەوەی کوردستان و ئەو جیهان گیرییەن کە ئێستا لەدونیادا هەیە ئەبێ ئێمە حیساب بۆ ئەو گۆڕانکاریانە بکەین واتا حیساب بۆ نەوشی نوێ بکەین جیلی نوێ بکەین وە هەروەها داوا کاریەکانیان بەو جێ بەجێ بکەی بەو ئاراستەی کەئەوا زیاتر وولاتی خۆیان خۆش دەوێ نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێ لەگەڵی ئامانجەکانی سەرکردایەتی سیاسی کۆببنەوە ئەوەش تەنها بەبۆچوونی من لەسەروەری یاسا دەگرێ وەك سەرۆك بارزانی خۆی چەند جارێك دووپات دەکاتەوە دەڵێت لە کوردستان نابێ کەس لەیاسا بەرزتر بێت .بەلام بەداخەوە ئەم دروشمە گەورەیە ئەم دروشمە بەرزەیە کە دروشمی هەموو ئینسانێکە کە گوزارشت دەکاتن وەناوەوەی ئینسانە بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە ئالیەتێکی خێرامان نەدۆزیتەوە چۆن ئەم دروشمە لەسەرەوە بێنینە خوارەوە زۆرجار پێشێلی یاسا دەکەین زۆرجار فەرقیشی نیە چەند دەکرێت کەس ئەو هەموو دەستکەوتانەی

لەبەرچاو نابینرێ کەبابلێین جیلی ئێمە بەرهەمی نیە ئێستا ئێمە دام و دەزگا نەتەوەییمان دامەزراندوە ئێمە بەدەیان موئەسەساتمان هەیە موئەسەسات ئەو موئەسەساتانەی کەلەهەر دەوڵەتێکی تردا هەتا ئێمە لەئاستی ناوخۆی و نێو دەوڵەتی چێ لەقۆناغێکی نوێیە بەلاّم بەراستی بۆ گەنج بەبۆچوونی من ئەوانە نالێین گرینگینە بەلاّم بۆ وی سەروەری یاسا عەدالەت جێبەجێ کردنی نالێم حەدی ئەدناو حەدی مەعقولی پێداویستیەکانی گەنج ئەوە ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتی سیاسی پێوەیە ئێمە چەند بتوانین چەند بتوانین ئەم ئەرکە جێ بەجێ بکەین ئەوندە دەتوانین مشارەکەی سیاسی لەناو خەڵکی کوردستان لەناو تەئەنوقی کوردستان زۆر شتی تریشی هەیە پەیوەندی بەوەوەیە مەسەلەن چۆن ئێمە بابلێین ئاستی رۆشنبیری  وئاستی خوێندەواری خەڵك بەرزبکەینەوە ئاستی ئابوری خەڵك و باری کۆمەلاّیەتی بوژاندنەوەی وولاّت ئەمانە هەموو فاکتەرن هەموو هۆکارن بۆ ئەوە وا لەخەڵکی خۆمان بکەین کەبەشداریش سیاسیانە واتە ئینتیمایان هەبێ بۆ وولاّتەکەیان مەسەلەی ئینتیما زۆر گرینگە ئینتیماش بەو شکلەی واتا خۆشەویستی واتا من کارێك دەکەم بۆ وولاّتی خۆم من وابزانم کۆتایی پێ بێنم دەرفەت بکەینەوە بۆ موناقەشە لەسەر ئەم مەسەلەیەی سوپاستان دەکەم.